خوای گەورە نوێژی ئافرەتی باڵغ قبوڵ ناکات مەگەر خۆی داپۆشێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە نوێژی ئافرەتی باڵغ قبوڵ ناکات مەگەر خۆی داپۆشێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

نابێت ئافرەتی باڵغی ژیر -ئاقڵ- بە بێ خۆداپۆشینەوە (باڵاپۆشیەوە) نوێژ بکات، واتا نابێت لە کاتی نوێژدا قژ وملی دەربکەوێت، ئەگەر بەم شێوەیە نوێژ بکات نوێژەکەی دروست نییە وپوچەڵە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لا يَقْبَل الله صلاة حَائض إلا بِخِمَار» واتە: «خوای گەورە نوێژی ئافرەتی باڵغ قبوڵ ناکات مەگەر خۆی داپۆشێت»، ودەستەواژەی (لا يقبل الله): لێرەدا بە نەفی هاتووە مەبەست لێی ئەوە نوێژەکەی دروست نییە وفەریزەکەی لەسەر لانەچووە. ولە فەرموودەکەدا وشەی (حائض) هاتووە مەبەست لێی ئافرەتێکە تووشی سووڕی مانگانە بووبێت وباڵغ بوو بێت، چونکە ئەمە نیشانەی باڵغ بوونە وەکو نیشانەکانی تر: دابەزینی مەنی، ومووی دەرکەوتن، وتەواوکردنی پانزە ساڵی، ولێرەدا باسی سووڕی مانگانە (حەیز) کراوە چونکە تایبەتە بە ئافرەتان؛ وئەمیش دیارترین نیشانەیە بۆ باڵغ بوونی ئافرەت، ومەبەست ئەوە نییە ئەو ئافرەتەی تووشی سووڕی مانگانە بووە بە باڵاپۆشیەوە نوێژ نەکات نوێژەکە قبوڵ نییە، چونکە هەروەکو زانراوە ئافرەت لە کاتی سووڕی مانگانەدا نابێت نوێژ بکات وئەمەش لە سونەتدا سەلێمنراوە وزانایان یەکدەنگن لەسەر ئەم بابەتە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10637